ڕابوونەکەی 4 / 3ی خەبات

ڕۆژێکی پرشنگدارە لە دیرۆکی نەتەوەکەماندا

سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی 4 / 3 / 1991ی خەڵکی پشدەر لە ئۆردوگای زۆرەملێی خەبات وا بۆ ماوەی چەند ساڵێک دەچێت کە نەک هەر لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە باسی لێوە ناکرێت بەڵکو وا خەریکە دیزە بە دەرخونەو فەرامۆش دەکرێت.

بێشک ئەم کارەش جگە لە شێواندنی مێژوو هیچ خزمەتێک بە مەسەلە ڕەواکەمان ناگەیەنێت. ڕاپەڕینی 4 / 3 / 1991ی خەبات کە لەناو جەرگەی دەسەڵاتی دڕندەی ڕژێمدا سەری هەڵدا ڕۆژێکی زیندووە لە دیرۆکی نەتەوەکەماندا و نابێ کەم بایەخانە سەیر بکرێت. ئێستاش کە لە مانگی ڕابون و سەرکەوتن داین بە پێویستمان زانی لایەک لەم ڕۆژە بکەینەوە و چۆنیەتی ڕاپەڕینەکەی ئەو ڕۆژە لە زاری چەند هاوڵاتییەکی بەشدار بووەوە ببیستین.

لە سەرەتای سازکردنی ڕێوڕتاژەکەمان ڕوومان کردە گوندی زورکان و لەوێ هاوڕێ (مەلا موسا)مان بەسەر کردەوە کە یەکێک بوو لەو کەسانەی لە ڕاپەڕینەکەی (4 / 3)دا بەشداری کردووە و ڕۆڵێکی جوامێرانەی گێڕاوە، هاوکات (مەلا موسا) ئەو سەردەمە لەناو ڕێکخستنەکانی حزبماندا کاری کردووە و بۆ ئەو مەبەستە و زانیاری وەرگرتن لەسەر ڕاپەڕینەکەی (4 / 3)ی خەبات چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد:

ئا/ محەمە چاوشین

سەرەتا هاوڕێ مەلا موسا گوتی:

لە ڕۆژی 4 / 3 / 1991 بۆ یەکەم جار ڕاپەڕین لە ئۆردوگای (خەبات)ەوە دەستی پێکرد. خەڵکی خۆڕاگری پشدر لەو ڕۆژەدا ڕژانە سەر شەقامەکان و چەندین دروشمی جیا جیایان دەوتەوە بۆ یەکەم جاریش بوو کە وێنەی سەدامی دیکتاتۆر بدرێتە بەر فیشەک و سووکایەتی پێ بکرێت بە بەرچاوی خەڵکەوە. چلکاوخۆرانی ڕژێمی کە ئەمەیان بینی ڕووبەڕووی جەماوەری ڕاپەڕیو بوونەوە و تەقەیان لە خەڵک کرد، دیارە ئێمەش خەڵکی چەکدارمان لەگەڵدا بوو. من خۆم یەکێک بووم کە بە چەکی خۆم بەشداری ئەو ڕاپەڕینەم کرد. لە ئەنجامی ڕووبەڕووبونەوەی جەماوەر و نۆکەرانی ڕژێم دوو جاشی هەرکی کوژران. ئەوە بوو هەر هەمان ڕۆژ ڕادیۆی (دەنگی گەلی کوردستان)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاماژەی بە ڕاپەڕینە کرد و هەواڵی کوژرانی جاشەکانیشی بڵاو کردەوە. بەڵام بەداخەوە ئێستا لە ڕاگەیاندنەکانی لای خۆمان ئاماژە بەو ڕۆژە ناکرێت و فەرامۆش کراوە.

بەڕاستی ئەوەی خەڵکی تێکۆشەری پشدەر لە ئۆردوگای خەبات لە (4 / 3)دا کردیان شتێکە کەم وێنە و مێژوویی بوو کە توانیان لە نێوان دوو پارێزگاو لەناو جەرگەی دەسەڵاتی ڕژێم چۆک بە دۆزمندا بدەن.

ژمارەی بەشداربووان هاوڕێ مەلا موسا لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:

سەرەتای دەستپێکی ڕاپەڕینەکە خەڵکێکی کەم و چەند گەجێکی خوێن گەرم بووین، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ڕژێم بە درێژایی تەمەنی خۆی لە کوردستاندا خەڵکی زۆر ئازار دابوو بە تایبەتیش خەڵکی پشدەر کە لەسەر زێدی باب و باپیریان هەڵکەندرابوون و زۆریشمان کوێرەوەریمان بەدەست ئەم ڕژێمە بۆگەنەی وە بینیبوو بەرە بەرە خەڵک دەهاتنە ناو ڕاپەڕینەکەو تا وای لێهات ژمارەمان گەیشتە زیاتر لە (600) کەس، بەڵام بەوەشەوە نەوەستاو دوای ئەوەی ڕژێم گلۆلەی تەمەنی کەوتە لێزەی ڕاپەڕینەکەش بەرفراوانتر بوو ژمارەشمان ڕووی لە زیادی کرد.

ڕۆڵی ڕێکخستنەکانی حزبمان لەو ڕاپەڕینەدا

هاوڕێ مەلا موسا گوتی:

بێگومان زیادە ڕۆییمان نەکردووە گەر بڵێین ڕێکخستنەکانی حزبمان لە ڕاپەڕینی کوردستان و بە تایبەتیش لە ڕاپەڕینی ڕۆژی 4 / 3 دا ڕۆڵی سەرەکییان گێڕاوە، هاوکات نابێ ڕۆڵی هەندێک لایەنی تر فەرامۆش بکرێ. ڕێکخستنەکانی حزبمان لە ئۆردوگای خەبات پێشتر خۆیان ساز و ئامادە کردبوو بۆ ڕۆژێکی وەک (4 / 3). بۆ ڕۆژانی دواتریش ڕێکخستنەکانی حزبمان حزبی شیوعی بە تەواوی مانەوە بە چەک و تەقەمەنییەوە بە هاوکاری خەڵکی ڕاپەڕیو ڕۆڵێکی جوامێرانەیان گێڕا لە ڕاپەڕینەکەدا. ئەمەش پیا هەڵدان نییە و شتێکە لە مێژوردا تۆمار کراوە.

گیرانی پێنج هاوڕێی لە کۆتایی قسەکانیدا هاوڕێ مەلاموسا گوتی:

پاش ئەوەی جەماوەری خەڵکی پشدەر لە شارۆچکەی خەبات لە ڕۆژی 4 / 3 دەستیان بە ڕاپەڕین کرد، ئەو ڕۆژە بۆ ئێوارەکەی ڕژێم هێزێکی زۆری هێنا و بەڕیوونە گیانی خەڵکی. (فەیلەقی پێنج)یان هێنابوو هەر چوار دەوری شارۆچکەی خەباتیان گرت. ڕژێم ئەو ڕۆژە (هەر وەک لە پێشەوەدا باسم کرد). ئەو چەکانەی کە هەمان بوون بەسەر ڕێکخستنەکانی خۆماندا دابەشمان کرد و سوودی باشمان لی بینی لە ڕاپەڕینەکەی (4 / 3 / 1991)دا.

دوا سەرنج

هەر وەک لە سەرەتاوە باسمان کرد ئێمە ئەم ڕێپۆرتاژەمان دوور لە هەر هەستێکی عەشایەری و ناوچەگەری ساز کردووە و مەبەستیشمان تەنها ون نەبوونی ڕۆژی (4 / 3 / 1991)ە کە لەناو جەرگەی دەسەڵاتی دڕندەی بەعسییەکان لەو ڕۆژەدا داستانێکی کەم وێنە تۆمار کرا و ئۆردوگای خەباتیش بە تەواوی ئازادکرا و جارێکی تر ڕژێم نەگەڕایەوە بۆ ناو خەبات. بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆکە لە ڕاگەیاندنەکانی خۆماندا بە هیچ شێوەیەک باسی لێوە ناکرێت و بەدەستی فەرامۆشی سپێردراوە.

مەراسیمی یادکردنەوەی ڕاپەڕین لە چەمچەماڵ

پ: چەمچەماڵ

کاتژمێر 9ی سەر لەبەیانی ڕۆژی 9 / 3 / 2002 جەماوەری شارۆچکەی چەمچەماڵ و شۆڕش و حزب و لایەنە سیاسییەکانی ناوچەکە و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم مەراسیمێکی یادکردنەوەی ڕاپەڕینیان ساز کرد بە بۆنەی یانزە ساڵەی ڕاپەڕین و ڕۆژی ڕزگارکردنی چەمچەماڵەوە سەرەتای مەراسیمەکە بە ڕێپێوانێک دەستی پێکرد لە بەردەم قائیمقامییەتەوە بە یاوەری یازدە کەژاوە کە دیمەنێک بوون لەدەستکەوتەکانی ڕاپەڕین و بە نێو شەقام و شارەکەدا و پاشان لە شوێنی مەبەست کۆبوونەوە و بە دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان مەراسیمەکە دەستی پێکرد و تاری هاوبەشی حزب و لایەنە سیاسییەکان لە لایەن (م. سادق جەباری) تەندامی سەرکردایەتی حزبی سۆسیالستەوە خوێندرایەوە و هەر لە پەراوێزی مەراسیمەکەشدا چادرمان کەوت بە چەند بەڕێزێک و هەر یەکە سەبارەت بە یادی ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی شارۆچکەی چەمچەماڵ بەم شێوە وەڵامیان دایندە:.

کاك تاریق قائیمقامی قەزای چەمچەماڵ:

سەرەتا پیرۆزبایی گەرم لە جەماوەری شارەکەمان دەکەم بە بۆنەی یادی یانزەمین ساڵەی ڕاپەڕینەوە کە هێزی زوڵم و چەوساندنەوە بە یەکجاری ڕامااڵدرا لە کوردستان و بەم بۆنەیەشەوە جەماوەری چەمچەماڵ دڵنیا دەکەینەوە کە ئەم ڕۆژەی یادی ڕاپەڕین دەبێتە چەکێکی داینێ بۆ بەرگری کردن لە ئۆردوگاکە کە ئەو چەکانە زۆر سوودمان لەو چەکانە وەرگرت.

هەر لەو شەڕەدا دوو چلکاخۆری ڕژێم کوژران کە پێم وابێ ئەم دوو تاوانبارە برا بوون.

وەی خەڵک کاك بەختیار جەمال غەریب سەبارەت بە وەی خەڵکی ڕاپەڕیو گوتی:

خەڵك بەبێ هیچ ترس و خۆفێك هێرشیان دەکردە سەر بنکەو بارەگاکانی بەعس و چلکاوخۆرەکانی چونکە خەڵکی پشدەر زۆر دەردە سەریبان دیوە بەدەستی بەعس و پیاوەکانییەوە. بۆیە خەڵك بڕیاری تۆڵە سەندنەوەی یەکجارەکییان دابوو. لە لایەکی ترەوە دەنگۆی ئەوە هەبوو دەیان گوت ئۆردوگای زۆرەملێی خەبات جارێکی تر دەگوازرێتەوە بۆ خواروی عێراق کە ئەوەش مەترسییەکی تر بوو بۆیە خەڵك چاوەڕوانی هەڵێك بوون بۆ ڕزگارکردنیان لەدەستی ڕژێمی دڕندەی سەدام.

گۆڕینی مێژوو لە درێژەی قسەکانیدا کاك بەختیار گوتی:

من پێم وایە یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین (4 / 3)یە ئەمەش مافێکی خۆمە کە وەك هاوڵاتییەك قسەیەك لەسەر گۆڕینی مێژوو بکەم. لە ڕاپەڕینی (4 / 3)دا شارۆچکەی خەبات ئازاد کرار جارێکی تر ڕژێم نەیتوانی بگەڕێتەوە ناو شار. چەند جارێك ئاماژە بەوە کراوە کە یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین (4 /3)یە کە هەموو حزبەکان لەسەری کۆك بوون، ئەمەش وەنەبێ خێرمان پێبکەن بەڵکو ئەمە ڕاستییەکەو مێژوو تۆماری کردووە. بۆ نموونە لە ڕۆژی 4 / 3 / 1992 چوار شەمە لە ژمارە (34)ی (کوردستانی نوێ)دا ئاماژە بەوە کراوە کە یەکەم شەهیدی ڕاپەڕین لە (4 / 3 / 1991) دایەو ناوی (بەختیار عومەر حەسەن)ە کە خەڵکی گوندی (هوڕێوە)ی سەرەتایەکی خۆشی بۆ شارەکەمان و هەوڵی زۆرمان داوە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، هیوادارین ساڵی داهاتوو ئەم یادە لە کوردستانێکی ئازاد و فیدراڵدا و لە کەرکوکی خۆشەویستدا بکرێتەوە و زۆر سوپاس بۆ ئێوەش.

کاك مەهدی ئەبو بەکر ئەندامی لێژنەی مافی مرۆڤ لە چەمچەماڵ:

پاش پیرۆزباییم لە جەماوەری شارەکەم بە تایبەتی و کوردستان بە گشتی، هیوادارم لەم یادەدا هەوڵ و کۆششەکانمان زیاتر یەك بخەین بۆ گەیاندنی پرۆسەی ئاشتی بە مەنزڵی خۆی و بۆ ئەوەی بتوانین چەند پێمان بکرێت مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا بپارێزین و. سوپاس.

م. سامی سەعدوڵاّ ئەندامی لێژنەی هونەرمەندان لقی چەمچەماڵ:

پیرۆزبایی لە گەلەکەم دەکەم کە لەم ڕۆژەدا بەشێك لە ئاواتەکانی میللەتەکەمان هاتە دی هیوادارم کە ئەم یادە ببێتە مایەی ئاشتی و یەکخستنەوەی ماڵی کورد و بە تایبەت لەو کاتەدا کە ئەگەری گۆڕانکاری لە عێراقدا هەیە و خۆزگە گەلی کورد ڕیزەکانی خۆی ڕێك دەخستەوە بۆ ئەوەی لە ئاستی ئەم گۆڕانکاریەدا بیتوانیبایە ئەو ئامانجەی کە بەدەستی نەهاتووە بەدی بهێنێت، سلاو بۆ گیانی شەهیدانی ڕاپەڕین.

کاك سەلاح ڕەشید ئەندامی لێژنەی چەمچەماڵی زیندانیە سیاسییەکانی کوردستان:

زۆر سوپاستان دەکەم و بەخێرهاتنی ڕاگەیاندنی حزبی شیوعی کوردستان دەکەم و جوانترین پیرۆزبایی لە جەماوەری کوردستان دەکەم بە گشتی و لە چەمچەماڵ بە تایبەتی بە بۆنەی ئەم ڕۆژە پیرۆزە و هیوادارم شەهیدان لە بیر نەکرێن بەبێ جیاوازی پاداشتیان بدرێتەوە.

هاوڕێ شێخ سدیق ئەندامی کۆمیتەی پارێزگای کەرکوکی حزبی شیوعی کوردستان:

سەرەتا دەستخۆشی لە دەستەی ڕێکخستنی فستیڤاڵ و مەراسیم دەکەم کە بە هاوبەشی بوونی هەموو لایەنە سیاسییەکان ئەو مەراسیمە بەڕێوە چوو، ئەگەر گفتوگۆ لەسەر ڕاپەڕین بکرێت ئەوەش بۆ خۆی هەڵومەرجی دەوڵی ئەوکاتە و زوڵم و زۆری ڕژێمی عێراق لەسەر گەلەکەمان ئەو هەڵومەرجە تایبەتییەی خوڵقاند کە لایەنە سیاسییەکان سەرجەم بیر لەوە بکەنەوە کە بەرەی کوردستانی دروست بکەن و ئەو بەرەیە کاریگەری خۆی هەبوو لە دروستکردنی ڕاپەڕیندا، دیارە شاری چەمچەماڵیش یەکێکە لەو شارانەی کە بەردەوام لەژێر زوڵم و زۆرداری ڕژێمدا بووە و تەقینەوەی ڕاپەڕینیش چەمچەماڵی گرتۆتەوە و بە ئافرەت و منداڵ و پیاو و سەرجەم چین و توێژەکانی کە لەم سنوورەدا بوون بەشداربیان لە ڕاپەڕیندا کرد و بەرەی کوردستانیش سەرپەرشتی ڕاپەڕینەکانی دەکرد، ئەبێت ئەوەش بڵێین کە ئەو هەموو شەڕە ناوخۆییە کاریگەری خراپی هەبوو لە پاش خستنو دەوری ئەو پەڵەماڵان و حکومەتەی کە لە ساڵی 1992دا هەڵبژێردرا، شەڕی ناوخۆ کاردانەوەیەکی زۆر خراپی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبوو کارێکی سلبی لە دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین کرد، ئێستاش هەڵومەرجێکی لەبارە کە جارێکی تر بەرەی کوردستانی زیندوو بکرێتەوە کە ئێستا هەڵومەرج و وەزعە دەوڵەتییەکان گفتوگۆ لەوە دەکەن کە ڕژێمی عێراق وەلا بنرێ لە دەسەڵات، ئەمەش پێویستی بە هەماهەنگی حزبە سیاسییەکان و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق هەیە و دەبێت گەلی کوردمان و حزبە سیاسییەکانی دەوری ئەساسیان هەبێت لەو وەزعە دەوڵەتییەی کە ئێستا لە ئاراداید، دەکرێت بڵێم ڕاپەڕینی بەهاری 1991 بە تەنها مولکی هیچ حزبێك نییە بەڵکو بەرهەمی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانەوە بە هەوڵ و کۆششو قوربانیدانی سەرجەم خەڵکی کوردستان وبەرهەم هاتووەو لێرەشەوە سلاو دەنێرم بۆ زیندانییە سیاسییەکان و کەس وکاری ئەنفالەکان و ئەنفالەکانی نێو زیندانەکانیش و هەروەها سەرجەم شەهیدان و کەس وکاری شەهیدانی گەلەکەمان.

ئەمساڵ یادی ڕاپەڕین جیاوازتر بوو لە ساڵانی ڕابردوو جەماوەریش بە شێوەیەکی بەرچاوتر و زیاتر بەشداربیان تیادا کرد و هەڵومەرجە نێودەوڵەتییەکانو ئەگەری گۆڕانکارییەکانی ڕژێمی عێراق زیاتر گیانی ڕاپەڕینی بەهێز کرد، ماوە بڵێین شارۆچکەی چەمچەماڵ ئەو شارەیە کە لە ساڵی 1988 لە گەرمەی ئەنفالدا توانی ڕاپەڕێت و ژمارەیەکی زۆر لە گیراوەکانی ئەنفال ڕزگار بکات و ئەو ڕۆژەش ڕژێم بە هەموو هێزی هەوڵی کپکردنەوەی ڕاپەڕینی دا و هێلیکۆپتەرەکانی ڕژێمیش بەشداربیان کرد لە بۆمبارێژکردنی ئەم شارەدا. لەگەڵ ئەوەشدا جەماوەری چەمچەماڵ لە ئاداری 1991دا قارەمانانەو بێ جیاوازی حزبایەتی توانی هێزی ستەمکاری ڕامااڵیت و هێزی بەرەی کوردستانی لە جێگەی دابنێت، بۆیە پێویستە لە یادی ڕاپەڕیندا دەسەڵاتی خۆمااڵی زیاتر هەوڵبدات خزمەتگوزاری لە ناوچەکەدا ئەنجام بدات و کەس وکاری ئەنفالەکان کە تاکو ئێستا هیچ خزمەتێکیان پێ نەکراوە ئاسوودە بکرێن و لە هەمان کاتدا هەوڵ بدرێت سیمایەکی جوانتر بە شاری چەمچەماڵ و قەڵای سپی حەسار بدرێت ئەو قەڵایەی کە لە پاش ڕاپەڕینەوە جگە لە شەڕی ناوخۆ زیاتر بۆ هیچ خزمەتێك ڕوویان تێنەکردووە، با لێرەوە هەموومان دەست لە مەلمااڵنێ بین و لە یادی ڕاپەڕیندا خزمەتی زیاتر بە گەلەکەمان و کوردستانەکەمان بکەین لەپێناو بەدی هاتنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردماندا. بەڕزو بەڕێز بێت یادی یانزەمین ساڵەی ڕاپەڕین و ڕۆژی ڕزگارکردنی چەمچەماڵ، سلاو لە کەس وکاری شەهیدان.